
# ئافرەتان شانبەشانی پیاوان لە مەینەتییەکانی ژیانی لادێ بەشدارن



گۆڤاری گوڵان لە کارێکی مەیدانیدا هەر جارەو ناوچەیەک و چەند گوندێکی هەرێمی کوردستان بەسەر دەکاتەوە، بۆ ئەوەی لە نزیکەوە ڕووماڵی کێشە و گرفت و داواکارییەکانی خەڵکی ئەو دەڤەرانە بکات و لایەنی پەیوەندیدار و خوێنەرانی گوڵان بە ئاریشـــەکانی خەڵکی بەشمەینەت و بەرهەمهێنی گوندان بەگشـــتی و ئافرەتانی لادێ بەتایبەتی ئاشناتر بکات. لەم گەشتە مەیدانییەشدا دانیشـــتووانی چەنـــد گوندی ناوچەی چۆمان و بنـــاری هەڵگورد ژیانی خۆیانمـــان بۆ وێنا دەکەن.

## گوڵان: کۆمەڵایەتی








ئاوات ئەحمەد عەزیز

**بەهۆی ئینتەرنێت و مۆبایلەوە کێشەی کۆمەڵایەتی لە ناوچەکە ڕێژەی بەرز بۆتەوە**

**بەپێی ئامارەکانی توندوتیژی دژی ئافرەتان لە ماوە ٥ مانگدا ١٥ ئافرەت لە قەزای چۆمان ڕووبەڕووی توندوتیژی بوونەتەوە**

**خۆشەویستی بە نیەتی هاوسەرگیری بۆ کوڕ و بۆ کچیش تاوان نییە، بەڵام بە بێ نییەتی هاوسەرگیری ئەوە لادانی ئەخلاقییە نەک خۆشەویستی**

شارۆچکەی چۆمان چەندین گوندی دەڤەری باڵەکایەتی و ناوچە شاخاوییەکانی لەسەرە و لە چوار ناحیەی (سمیلان، گەڵاڵە، حاجی ئۆمەران و قەسرێ) پێکهاتووە. بەپێی زانیارییەکانی (JHIC) دانیشتووانی لە ساڵی ١٩٩٠دا (٢٥٨٩٣) کەس بوون کە لە ٤٩٪ی نێر و ٥١٪ی مێ بوون و ڕێژەی زیادبوونی دانیشتووانیشی بۆ هەرساڵێک ٣،٣٪یە.

چۆمان ناوچەیەکی شاخاوی سەختی هەیە و (چیای حەسارڕۆست،چیای شێخ ناسر، چیای کارۆخ و چیای ڕەش) لە خۆی دەگرێت. ڕووباری شێخ بەنێو (چۆمان) دا گوزەر دەکات، کە یەکێکە لە چۆمە گەورەکان و دەڕژێتەوە زێی گەورە، ئاوی ئەو ناوچەیە ٩٥٪ سازگارە و ڕادەی باران و بەفربارینی ساڵانە دەگاتە ٢٥ سم .

چۆمان (١٦٩)کم لەهەولێرەوە دوورە، ڕێگەی سەرەکیی نێوان چۆمان و هەولێر بە ڕێگەی (هاملتون) ناسراوە و ڕێگایەکی مێژووییە کە لە پێش زاییندا سوپای داریۆشی ئیمپراتۆریەتی فارسی پێدا هاتۆتە دەشتی هەولێر و پاش شکستخواردنی لەبەردەم سوپای ئەسکەندەری گەورە لەشەڕی (گۆگامێلا)دا داریۆش بەو ڕێگەیەدا هەڵهاتووە و خۆی دەرباز کردووە.

ناحیەی حاجی ئۆمەران کەوتۆتە سەر سنوور لەگەڵ کۆماری ئیسلامیی ئێران و لە ١٦ گوند پێکدێت، چیای کۆدۆ، چیای گردمەندیل و چیای هەڵگورد لە خۆ دەگرێ، کە لوتکەی چیای هەڵگورد بەرزترین لوتکەی هەرێمی کوردستان و عێراقیشە.

بناری چیای هەڵگورد چەندین گوندی گەورەی کشتوکاڵی و ئاژەڵداری هەنگەوانی لەخۆدەگرێت، ساڵانەش بەرهەمێکی زۆری ئەو گوندانە هاوردەی بازاڕەکانی هەرێمی کوردستان دەکرێت. هەروەها ناوچەیەکی گونجاویشی بۆ هەنگەوانی و گەشتوگوزارو دروستکردنی بەنداوی بچووك، هەیە.

دەڤەری چۆمان بەگشتی هەردەم پەناگەو لانکەی شۆڕشەکانی کورد بووەو ژمارەیەکی زۆری دانیشتووانەکەی لەڕیزی شۆڕشدا بوون و قوربانی شەهیدی زۆریشیان داوە. ڕژێمی بەعسی ڕووخاو لە خەڵکی ئەو ناوچەیە زۆر بە قین بووەو بەردەوام بۆردومانی کردوون. تەنانەت لەسەرەتای هەشتاکاندا دەستی کرد بە سووتاندنی ڕەزو باخ و کشتوکاڵ و لەوەڕگاکان و دانیشتووانەکەشی بۆ کۆمەڵگە زۆرەملێکان گواستەوە.

چیای هەڵگورد کە بەرزترین (لوتکە چیا)ی هەرێمی کوردستان و عێراقیشە هەردەم جێی بایەخی شاخەوانانی بیانی بووە. ئەو لوتکە چیایە بەهاوینیش بەفری لێدەمێنێت سرووشتێکی خەیاڵی بە ناوچەکە دەبەخشێت.

ستافێکی گۆڤاری گوڵان لە گەشتێکیدا بۆ دەڤەری چۆمان و باڵەکایەتی، سەرەتا سەردانی ئەنجومەنی ئافرەتانی (قەزای چۆمان)مان کرد، بۆ ئەوەی زانیاری زیاتر لە سەر ڕەوشی ژیانی ئافرەتانی ئەو ناوچەیە بزانین.

ئەنجومەنی ئافرەتانی قەزای چۆمان لە هەشت ئەندام پێکهاتووەو (ئاوات ئەحمەد عەزیز) بەرپرسی ئەنجوومەنەکەیە و باسی ئەوەی کرد کە بە هاتنی وەرزی بەهار و هاوین، ئافرەتانی دەڤەری باڵەکایەتی زیاتر بە کاری مەڕ و ماڵات و کشتوکاڵەوە خەریك دەبن و شانبەشانی پیاوان کار دەکەن، بۆ ئەوەی بژێوی ژیانیان دابین بکەن.

ئاوات نیگەرانی خۆی لەوە دەربڕی، کە «بەهۆی ئێنتەرنێت و مۆبایلەوە کێشەی کۆمەڵایەتی لە ناوچەکە ڕێژەی بەرز بۆتەوە«. هەر لەو بارەیەوە گوتی: «بەداخەوە تەنانەت خیانەتکردنی هاوسەریش بەهۆی خراپ بەکارهێنانی مۆبایل و فەیسبوك زۆر بووە، گەرچی ئافرەت بەشێوەیەکی گشی زۆر کەم ئینتەرنێت بەکار دەهێنێت، بەڵام زۆربەیان مۆبایلیان هەیە و زۆربەی کێشە کۆمەڵایەتییەکانیش هۆکاری سەرهەڵدانی خراپ بەکارهێنانی مۆبایل بووە». گوتیشی: «لە نێو چۆمان ئاستی ڕۆشنبیری زۆر باشترە، بەڵام لە دەوروبەری چۆمان تا ڕادەیەك ئاستی ڕۆشنبیری کەمە و کێشەی زیاتر ڕوو دەدات».



گوندی ناوەند چواردەوری بە چیا دەورە دراوە، سروشتێکی زۆر جوان و ئاوێکی سازگاری هەیە. لەو گوندەشدا وەك هەموو گوندەکانی دیکە ئافرەتان لە کاری ڕۆژانەدا پشکی شێریان بەردەکەوێت، ئافرەتێکی بەتەمەن کە خۆی بە مامز ناساند و وەك خۆی باسیکرد دایکی هەشت منداڵە، باسی ئەوە دەکات کە زیاتر لە ٣٠ ساڵە هاوسەرگیری کردووە و بۆ ماوەیەك لە هەولێر ژیاون، بەڵام لەدوای ئاوەدانکردنەوەی گوندەکان ئەوانیش گەڕاونەتەوە شوێنی خۆیان. مامز دەڵێت: «سەرەتا کە هاتینەوە گوند، ژیان زۆر قورس بوو، ئەو کات چمان نەبوو، بەرەبەرە شینایی و ڕەزمان کرد، حەیوانمان بەخێوکرد، ئیتر هەموو شتێکمان دەکرد. ئێستاش کشتوکاڵ دەکەین و چێڵێك بەخێو دەکەین». لە بارەی کاری ڕۆژانەی خۆیشی گوتی: «دوای ئەوەی کە ئیشی ماڵەوەم کرد، دەچمە نێو شینایی هاوکاری پیاوەکەم و منداڵەکانم دەکەم، ئێوارانیش مانگا دەدۆشم و ماست دروست دەکەم».

مامز چەندین داواکاری خۆی ئاراستەی لایەنی پەیوەندیدار دەکات و دەڵێت: «پێویستە موختار و ئەنجوومەن داوا لە حکومەت بکەن ئاسانکاری زیاتر بۆ خەڵکی گوندی بکات، عەرزیان پێبدات بۆ کشتوکاڵ و بەرهەمی شینایییەکان بپارێزێ و بەروبوومیان بکڕێتەوە».



نموونەشی بەوە هێناوە کە «ئەمساڵ کلۆ گەلەك زۆر بووە و یەك قودی دەرمانیش بە ٢٥ هەزار دینارە، بایی ٢٥ وەرەقە (٢٥٠٠$) تەماتەمان کردووە، هەمووی کلۆ خواردیتی، گەر حکومەت هاوکاریمان نەکات، ناتوانین شینایی زۆر بکەین».

مامز لە دوای داواکاری و گلەییەکانی لە بواری ئابووری و کشتوکاڵ، وەڵامی پرسیارێکی دۆخی کۆمەڵایەتی ناوچەکە و بەتایبەتی چۆنیەتی بەشوودانی کچان دەداتەوە و دەڵێت: «ساڵانی زوو باو بوو کچ بەدڵی ماڵی باوکی بەمێرد دەدرا، بەڵام ئێستا ئەوە زۆر کەمتر بووە و پرس بە کچەکەش دەکرێ، بەڵام هێشتا زیاتر کچ بە منداڵی بەمێرد دەچێت». مامز جەختی لەوە کردەوە کە «لە گوندان نێوانی بووك و خەسوو زۆر لە شاران باشترە، چونکە پێکەوە و شانبەشانی یەك کار دەکەن، وەك شار نییە خەسوو خانم بێ و بووك کارەکەر».

ئیبراهیم عەبدولڕەحمان محەمەد کوڕی مامزە و ئەویش باسی ئەوە دەکات کە هەموو ڕۆژێك بە کاری شینایی و ئاژەڵداری سەرقاڵ دەبن، گوتیشی: «لە مەنتیقەی ئێمە زیاتر خەیار و تەماتە دەکەین و مەزرەعەی سێو و قۆخ و هەرمێ هەیە و زیاتریش شینایی دەکەین» .


ئیبراهیم لە بارەی داهاتی بەرهەمی خۆیان گوتی: «لەبەر ئەوەی زۆر شت لە ئیران و لە دەرەوە دێت، ئیشەکەی ئێمە قوڕی بەسەر بووە، حکومەتیش بە نرخێکی کەم بەرهەمی ئێمە وەردەگرێ، ئەوەش وادەکات زەرەر بکەین».

ئیبراهیم ئەوەی ڕەتکردەوە کە بە زۆرەملێ کچ بە شوو بدرێ، ئەوەشی خستەڕوو کە خوشکەکانی خۆی قوتابین و تەنانەت تا پشووی هاوینەی قوتابخانەکان داوای کارکردن و هاوکارییان لێناکەن، سەبارەت بە هاوسەرگیری زۆرەملێش گوتی: «ئێستا باوی ئەوە نەماوە کچ بە زۆر بە شوو بدەی، بەڵام خۆ بە هەر کەسێکیشی نادەی، هەر دەبێ پرسیارێك بکەی بزانی کوڕە شایانی ئەوەیە ببێتە خزمت».

ئیسماعیل عبدولڕەحمان قوتابییە لە پەیمانگەی تەکنیکی چۆمان و هاوکات پۆلیسی هاتۆچۆیە. ئەو هەموو توندوتیژییەك بەرامبەر بە ئافرەت ڕەتدەکاتەوە و لە وەڵامی ئەو پرسیارەشدا کە ئەگەر خوشکت خۆشەویستی هەبێت، ئایا چۆن مامەڵەی لەگەڵ دەکەی، گوتی: «کوو تەماشای کچی خەڵکی دەکەی، دەبێت ئاوەها تەعامول لەگەڵ خوشکی خۆشت بکەیت، مەسەلەیەك هەیە دەڵێت: لەگەڵ عامی بچۆ شامێ، گوتیشی: «خۆشەویستی بە نییەتی هاوسەرگیری بۆ کوڕ و بۆ کچیش تاوان نییە، بەڵام بە بێ نییەتی هاوسەرگیری ئەوە لادانی ئەخلاقییە نەك خۆشەویستی».

عەبدولڕەحمان محەممەد خدر، دانیشتووی گوندی ناوەندە و وەك خۆی باسیکرد لەساڵی ١٩٨٣ ژیانی هاوسەری پێکهێناوە و لە دوای ڕاپەڕینیشەوە گەڕاوەتەوە زێدی خۆی. سەبارەت بە هۆکاری ئەو دابڕانەشی لە زێدی خۆی گوتی: «کاتی خۆی لە ساڵی ١٩٧٧ ئەم گوندەی ئێمە تەرحیل کرا، دوای ئەوە ئێمە چووینە چۆمان و ساڵی ١٩٧٩ چووینە هەولێر و تا ڕاپەڕینی ساڵی (١٩٩١) زۆربەی گەنجێتیم لەو شارە بەسەربردووە.

ئەو جووتیارە ڕایوایە «ژیانی گوند زۆر لە ژیانی شار جیاوازە و هەرکام تام و چێژ و ئەرك و کێشەی خۆی هەیە،



گوتیشی: «ژیانی گوند ئەرکی زیاترە و دەبێ زەرعاتی بکەی و خەریکی شینایی بیت و حەیوانداری بکەیت، بە باخچە و باخەوە سەرقاڵ بیت، ئەوانە هەمووی کاری قورسن، کە ئەو کارانە لە شارەکان ناکرێن. خەڵکی شار، یان کاسبن لە بازاڕ، یان فەرمانبەرن و مووچەیان هەیە، بەڵام لە گوند دەبێت مووچەخۆری خۆت بیت».

عەبدولڕەحمان محەممەد، نیگەرانی خۆی لەوە دەربڕی کە «لە ئێستادا خەڵکی گوندەکان زیاتر حەز بە مووچەخۆری دەکەن و کەمتر خۆیان لە قەرەی جووتیاری و ئاژەڵداری دەدەن، هەر ئەوەش وایکردووە کشتوکاڵ زۆر لاواز بێت».

ئەو جووتیارە کە باوکی هەشت منداڵە و منداڵەکانی زۆربەیان کچن، جەخت لەوە دەکاتەوە کە «هەموو گوندێك نەریتی عەشایەری هەیە و هەموو کەسێك دەبێت پێوەی پابەند بێت، بەتایبەتی ئافرەتان بۆ ئەوەی کێشەی گەورە دروست نەبێت»، گوتیی: «ئەگەر من باسی خۆم و گوندی ناوەند بکەم، ئەوە ئێمە لە گوندی ناوەند بەرامبەر بە ئافرەت زۆر باشین و ئافرەتیشمان زۆر ڕێزی خۆیان دەگرن، واتە ئەو گوندە جیایە و ئاستی سەقافی باشترە، لەهەموو گوندێکیش لەهەموو نەوعێك هەیە».

حەمەدەمین عوسمان عەبدوڵڵا لە کوێستانی گوندی ناوەند خەریکی کاری کشتوکاڵە. ئەو هەتا شەشەمی ئامادەیی خوێندووە، بەڵام وەك خۆی باسیکرد تەواوی نەکردووە. سەبارەت بە ژیانی خۆیشی دەڵێت: «ئێمە پێشتر حەیوانداریمان دەکرد، بەڵام ئەوە ماوەی نزیکەی دە ساڵە خەریکی باخداری و شینایین و زیاتریش بۆ ئەوەمانە بەرهەمەکەی بفرۆشین». ئەوەشی خستەڕوو کە هەندێك لە عەردەکانیان کە لەوەڕگەیە بە کرێ دەدەین بە ئاژەڵداران و گوتی: «ساڵانە لە کرێی لەوەڕگە ١٥ تا ٢٥ وەرەقەمان پێدەگات»

ئەو خۆی و دایکی و برا و براژنەکەی لە کوێستان و لە ناو کەپرۆکەیدا بۆ حەوانەوە دانیشتبوون. سەبارەت بە ئەرکی ئافرەتانیش لە گوند گوتی: «ئافرەتی گوند جگە لە کاری ماڵەوەی لە شینایی و کشتوکاڵ و ئاژەڵداریش هاوکاری پیاوان دەکەن و زۆر ماندوون».

مەریەم وەسمان دایکی حەمەدەمین و نۆ منداڵی دیکەیە، بەڵام لەو دە منداڵەی دوویان مردوون. ئەو پێشتر نزیکەی ١٠٠ سەر مەڕومالاتی هەبووەو ماوەیەکە وازی لەو ئاژەڵدارییە هێناوە، ئێستا لەگەڵ کوڕەکانی و سێ بووکی بە کشتوکاڵ سەرقاڵن. بەڵام نیگەرانی خۆیشی لەوە دەربڕی کە لە ناوچەکەیان مین زۆرە و گوتی: «هێشتا عەردێکی زۆر ماوە لە مین پاك بکرێتەوە، زۆر جاریش مەڕومالات و تەنانەت زەلامیش بوونەتە قوربانی ئەو هەموو مینە، واتە ئەو مەنتیقەیە هەتا دەچێتە کوێستانێ و پشتی ئەو چیایە هەمووی مینە، گەرچی ڕستەڕستەیە، بەڵام پێویستە حکومەت پاکی بکاتەوە».

بەپێی ئامارەکانی توندوتیژی دژی ئافرەتان لە ماوەی ٥ مانگدا ١٥ ئافرەت لە قەزای چۆمان ڕووبەڕووی توندوتیژی بۆتەوە، بەڵام ئەو دایکە جووتیارە بوونی توندوتیژی بەرامبەر بە ئافرەتان لە گوندەکەیان ڕەتدەکاتەوە و دەڵێت: «لەکن مە ئافرەت حورمەتی هەیە و لێرۆکانە توندوتیژی و شتی لەو جۆرە نییە، لەوانەیە لە شوێنی تر شتی وا هەبێ».

لە درێژەی سەفەرەکەدا سەردانی چەندین گوندی ناوچەی (جاجی ئومەران)مان کرد. هەر لە کوێستانەکانی دەوروبەری حاجی ئۆمەران ڕەشماڵێك سەرنجی ڕاکێشاین و سەردانمان کرد.

ئافرەتێکی بەساڵاچوومان بینی کە خۆی بە خانم خدر ناساند، ئەو دایکی حەوت منداڵە و وەك خۆی ئاماژەی پێدا پێشتر خەڵکی چوارقوڕنە بووە و ئێستا دانیشتووی حاجی ئۆمەرانە و بە وەرزی بەهار و هاوین ژیانی لە ژێر رەشماڵی کوێستاندا بەسەر دەبات. سەبارەت بە کاری خێزانەکەشی گوتی: «ئێمە کوولەکەی دەکەین و دەیفرۆشینەوە، حەیوانیشمان هەیە».

ئەو باسی ئەوەی کرد کە شوانیان بە کرێ نەگرتووە و خۆی، یان هاوسەرەکەی مەڕومالاتەکەیان بۆ لەوەڕگەکان دەبەن. گوتیشی: «ئەمن و ئەو پیرە مێردەی لێروکانە گەلەك ماندین، حکومەتیش هیچی بۆ نەکردووین، چەند ساڵ پێش ئێستا شتێکیان داینێ، بەڵام ئەوە دوو سێ ساڵە هیچیان بۆ نەکردووین»

خانم خۆزگە بە ژیانی ڕابردوو دەخوازێ و دەڵێت: «ژیانی ئەو عانە گەلەك خۆشتر بوو، فەقیر بە قومێك دۆ ئیدارەی دەکرد، ئێستا فەقیر و دەوڵەمەند وەك یەکی لێهاتییە و کەمتر کاری حەیوانداری و شینایی دەکەن».

باییز حەسەن هاوسەری (خانم)ەو ساڵی ١٩٤٦ لەدایکبووە، سەرەڕای تەمەنی زۆری بەرهەمێکی زۆری شینایی هەیە و هەناردەی بازاڕیشی دەکات. ئەو دەڵێت: «تەنیا حەسرەت بۆ کاتی گەنجیم دەخۆم، ئەوکات قووەتم زیاتر بوو، ئێستا پیر بوومە و بە زۆر ئیشەکانم جێبەجێ دەکەم».

بایز سەبارەت بە کێشەی ئافرەتان لەو دەڤەرەی خۆیان گوتی: «هێشتا ژن بە ژنێ و بە زۆر بەشوودان ماوە، بەڵام لە چاو ساڵانی پێشتر زۆر کەمتر بووە».

ئەو جووتیارە جەختی لەوە کردەوە کە «کچانی گوند کاتی ئەوەیان نییە ئینتەرنێت و شتی وا بەکار بێنن، ئەگەر هەبێ تەنیا مۆبایلەکەیە ئەویش زۆر جار کێشەی دروست کردووە».

**هێشتا عەردێکی زۆر ماوە لە مین پاك بکرێتەوە، زۆر جاریش مەڕومالات و تەنانەت زەلامیش بوونەتە قوربانی ئەو مینانە، بۆیە پێویستە حکومەت پاکی بکاتەوە**

**ژیانی ئەو عانە گەلەک خۆشتر بوو، فەقیر بە قومێک دۆ ئیدارەی دەکرد، ئێستا فەقیر و دەوڵەمەند وەک یەکی لێهاتییە و کەمتر کاری حەیوانداری و شینایی دەکەن**

**کچانی گوند کاتی ئەوەیان نییە ئینتەرنێت و شتی وا بەکار بێنن، ئەگەر هەبێ تەنیا مۆبایلەکەیە ئەویش زۆر جار کێشەی دروست کردووە**